# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن

**ئارام علی حسن، بەیان علی حسین**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** گەشەی دانیشتوان لە بابەتە گرنگەکانی جوگرافیای دانیششتوانە، چونکە کۆمەڵگە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بەهۆی زیادبوون و کەمبوونی دانیشتوانەوە. شاری پێنجوێن کەوتووەتە خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، لە ڕووی کارگێڕیەوە شارەکە سەنتەری قەزای پێنجوێنە و دەکەوێتە ناوەڕاستی قەزاکەوە. لەساڵی ٢٠٢٤ ژمارەی دانیشوانی شارەکە (٢٧٥٩٦) کەس بووە. ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێنە لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤) دا و خستنەڕووی ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان و ئەو هۆکارە سروشتی و مرۆییانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە، لەگرنگترین هۆکارەکانیش (شوێنی جوگرافی و هۆکاری سیاسی و کارگێری دیمۆگرافی و ئابوری). لەم توێژینەوەیەداتوێژەر ڕێبازی (وەسفی، و بەراوردکاری و مێژووی و شیکردنەوە)ی بەکار هێناوە. کێشەی توێژینەوەکە لەوەدا ڕەنگی داوەتەوە گۆڕانکاری بەردەوام لە گەشەی دانیشتوانی شارەکە ڕوویداوە، بە پێی ئەو قۆناغانەی شارەکە پێیدا تێپەڕیوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤). گرنگترین دەرەنجامیش شاری پێنجوێن لە ماوەی توێژینەوەکەدا گۆڕانکاری دیمۆگرافی بەسەر هاتووە. بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن لە ماوەی (٢٠٠٢-٢٠٢٤) بووە بەڕێژەی(٣،٢%)و نزمترینیش لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٠٢)بووە بە ڕێژەی (٢،٤%). شوێنی جوگرافی و هۆکاری دیمۆگرافی لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە.

**کلیلە ووشەکان-** گەشەی دانیشتوان، کۆچ، شاری پێنجوێن.

## پێشەکی:

بابەتی دانیشتوان یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی جوگرافیا بە گشتی و جوگرافیای مرۆیی بە تایبەتی، توێژەران هەر لە کۆنەوە بایەخیان بە بابەتی دانیشتوان داوە تاوەکو بتوانن هەڵسەنگاندنی باش بۆ ئەو ناوچانە بکەن کە دانیشتوانی تێدا نیشتەجێیە. مەبەست لە گەشەی دانیشتوان زۆربوونی دانیشتوانە بەشێوەی سروشتی (لەدایک بوون و مردن)، یان بەهۆی گۆڕینی شوێنجێییەوە (کۆچ) بێت. گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە دیاردە جوگرافیە گرنگەکان، جوگرافیناسی مرۆیی بەتایبەت جوگرافیای دانیشتوان بایەخی زۆری پێدەدەن ئاستی گەشەی دانیشتوان لە شاری پێنجوێن وەک بابەتێکی جوگرافیای دانیشتوان ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان ڕوونکراوەتەوە، لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٤) بە پێی فەراهەمبوونی داتاکان و شیکردنەوە بۆ هەموو ئەم تۆمارانە کراوە لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی کە پەیوەندییان بەگەشەی دانیشتوانەوە هەیە لە ناوچەی توێژینەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە:

١- ئایا جیاوازی بەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکەدا هاتووە لە ماوەی نێوان(١٩٥٧-٢٠٢٤)؟

٢- ئایا تێپەڕینی شارەکە وەک سەرجەم شارەکانی تری هەرێمی کوردستان بە چەندین ڕەوشی سەخت و نالەباردا تێپەڕیوە کاریگەرکگەری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتووانی شارەکە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:** ١- جیاوازی بەسەر گەشەی دانیشتووانی شارەکەدا هاتووە لە ماوەی نێوان ( ١٩٥٧- ٢٠٢٤).

٢- تێپەڕینی شارەکە بە چەندین ڕەوشی سەخت و نا لەباردا وەک سەرجەم شارەکانی تری هەرێمی کوردستان کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتووانی شارەکە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێنە(گەشەی سروشتی و کۆچ) لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤)، ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوان.

**سنوری توێژینەوە دوو ڕەهەندی هەیە:**

**١: ڕەهەندی شوێنی:** شاری پێنجوێن کەتووەتە خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی وەک لە نەخشەی (١) دا دیارە کە لە ڕووی کارگێڕیەوە شارەکە سەنتەری قەزای پێنجوێنەو دەکەوێتە ناوەڕاستی قەزاکەوە، کە قەزای پێنجوێن سەر بە پارێزگای سلێمانیە، قەزاکە لە ڕۆژئاواوە هاوسنورە لەگەڵ قەزاکانی شارباژێڕ و سەیدسادق، لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە، لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە درێژی (١٤٩،٤)کم. ڕووبەری شارەکە (٧،٥)کم، ژمارەی گەڕەکانی (١١) گەڕەکە. لەڕووی ئەستڕۆنۆمیەوە کە بە هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی دیاری دەکرێت بە سەرنج دان لە نەخشەی (٢) شارەکە دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی(=٥٥،-

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (15)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp198-212

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 حزيران 2025؛ قُبل في 24 أب 2025؛ نُشرت في 7 حزيران 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: aram.alihasan85@gmail.com, bayan.hussain@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر@ 2026 ئارام علی حسن، بەیان علی حسین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

٢٩، ٤٥°و=٥٩,-٥٧, ٤٥°) ڕۆژهەڵات و بازنەی (=٢٣,-٣٦, ٣٥° و=٣٧-, ٣٥،٣٨°)ی باکوور.


**٢-ڕەهەندی کاتی:** لەڕووی کاتەوە وا پێویست بوو ماوەی توێژینەوەکەمان ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤) بێت. کە ئەم ماوەیەش دابەش کراوە بۆ سێ قۆناغ بەپێی سەرژمێری فەرمی و داتاکان.

**میتۆدی توێژینەوە:** ڕێبازی وەسفی و مێژووی و شیکردنەوەمان بەکار هێناوە. ڕێبازی مێژوویی بۆ خستنە ڕووی قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان لەشاری پێنجوێن لە ماوەی ١٩٥٧-٢٠٢٤، شیکردنەوەش بۆ شیکردنەوەی داتاو خشتەکان.

**پلانی توێژینەوەکەمان:** بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی زانستیانەی ورد پلانی توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ سێ باسی سەرەکی: باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان. باسی دووەم: ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان. باسی سێیەم: ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر گەشەی دانیشتوان هەیە. لە کۆتاییدا ژمارەیەک دەرەنجام و پێشنار و لیستی سەرچاوە و پاشکۆ خراوەتە ڕوو.

**نەخشەی (١)**

**پێگەی شاری پێنجوێن بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و قەزای پێنجوێن**



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:


١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ،داتای بلاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٤.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، شارەوانی پێنجوێن، بەشی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٤.

بەکارهێنانی بەرنامەی Arcgis 10.8.2

**نەخشەی (٢)**

**شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری پێنجوێن**



**سەرچاوە:**

**١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، شارەوانی پێنجوێن، بەشی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٤.**

**٢-بەکارهێنانی بەرنامەی Arcgis 10.8.2**

## باسی یەکەم:
## قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان:

گەشەی دانیشتوان لەو بابەتە گرنگانەیە کە بایەخی زۆری هەیە لە لێکۆڵینەوەکانی دانیشتوان ، چونکە کۆمەڵگا لە گۆڕانی بەردەوامدایە بەهۆی زۆربوون و کەمبوونی دانیشتوانەکەی (حسین، ٢٠٠١، ٦٨). دانیشتوانی جیهان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە خاسیەت و تایبەتمەندی گۆڕانکاری دەناسرێتەوە، ئەم گۆڕانکاریەش زۆر جار لە زیاد بوونی گشتیەوە سەرچاوە دەگرێت، جوگرافیای دانیشتوان بە لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانکاریەی دانیشتوان دەیەوێت جیاوازی نێوان شوێنەکان دەربخات و هەوڵدەدات هۆکاری جیاوازیەکەش بخاتە ڕوو (حەمە، ٢٠١٩، ٩). مرۆڤ بەشێوەیەکی خۆڕسک ئارەزوی ئەوەی هەیە کە ژمارەی زۆر بێت دەگمەنیش ڕوو دەدات پێچەوانەکەی ڕوویدابێت و لە ئاکامی زیادبوونی ژمارەی مردووان یان لە ئەنجامی کۆچ و ڕەو کردن دانیشتوانەکەی کەمی کردبێت (تۆفیق، ٢٠٠٩، ٢٣).

زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستان گەشەی دانیشتوانیان بەرەو زیادبوون هەنگاوی ناوە و دانیشتوانی شارنشینی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی خێرا لە زیادبووندان، شاری پێنجوێنیش دادەنرێت بە یەکێک لەو شارانەی کە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤)، گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بێگومان زۆربوونی دانیشتوانیش بەیەک ئاراستە نەبووە، بەڵکوو لە هەڵبەز و دابەزدا بووە. بۆ زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی لە قەبارەی دانیشتوانی شاری پێنجوێندا ڕوویداوە بە پێویستمان زانی بەراوردی ژمارەکان بکەین بە کۆی دانیشتوانی شارنشینی پارێزگا و پارێزگای سلێمانی، بە تێبینی کردنی خشتەی (١) دەبینین دانیشتوانی شاری پێنجوێن لە ساڵی (١٩٥٧) (٤٤٠٦)کەس بووە کە ڕێژەی (٤،٨%)ی دانیشتوانی شارنشینی پارێزگا و ڕێژەی (١،٤%)ی کۆی گشتی پارێزگای سلێمانی بووە. بەڵام ڕێژەکان لە ساڵی (١٩٧٧)

گۆڕانکاریان بەسەر دێت، بە جۆرێک دانیشتوانی شارەکە زیاد دەکات بۆ (٧٤٩٤) کەس و ڕێژەی (٢،٥%) ی شارنشینی پارێزگای سلێمانی و (١،١%)ی کۆی گشتی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە. دەبینین لەو ماوەیەدا ڕێژەی دانیشتوانی شارەکە ڕوو لە کەمیە بەراورد بە شارنشینی پارێزگا و کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، واتە هەرچەندە دانیشتوانی شاری پێنجوێن زیادی کردووە، بەڵام زیادبوونەکە بەو ئاستە نەبووە کە دانیشتوانی شارنشینی پارێزگا و کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە زیادی کردووە. هۆکارەکەشی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویانداوە بە تایبەتی پاش ڕێکەوتنامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥) چونکە شاری پێنجوێن شارێکی سنوریە و سەربە قەزای پێنجوێنە، قەزاکەش لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بەدرێژی (١٤٩،٤)کم، کە ئەمەش وایکردووە دانیشتوانی قەزای پێنجوێن و شاری پێنجوێنیش دووچاری کۆچی زۆرە ملێ هاتن. لە ساڵی (٢٠٠٢) دا دانیشتوانی شارەکە زیادی کردووە و گەشتووەتە (١٣٦١٣)کەس و ڕێژەی (١،٣%)ی شارنشینی پارێزگا و (١%)ی کۆی گشتی پارێزگای سلێمانی بووە، دەبینین ڕێژەی دانیشتوای شارەکە بەراورد بە شارنشینی پارێزگا و کۆی گشتی پارێزگاکە بەردەوام ڕوو لە دابەزینە هۆکارەکەشی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاستی خزمەتگوزاری لە نێوان ئۆردوگاکان و ناوچەی توێژینەوە وایکرد بەشێک لە دانیشتوان نەگەڕێنەوە بۆ شارەکە، هەروەها جەنگی هەشت ساڵەی نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کاریگەری هەبووە لەسەر دانیشتوانی هەروەها ناجێگیری بارودۆخی سیاسی پارێزگای سلێمانی و ناوچەی توێژینەوەو خراپی بارودۆخی ئابوری ناوچەکەش کاریگەری هەبووە. لە ساڵی (٢٠٢٤) ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەرز بووەتەوە بۆ ٢٧٥٩٦کەس، دانیشتوانی شارەکە ڕێژەی (١،٣%)ی دانیشتوانی شارنشینی پارێزگاکەیە و ڕێژەی (١،١%)ی کۆی گشتی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیە.

**خشتەی(١)**

**دانیشتوانی شاری پێنجوێن لە کۆی شارنشینی پارێزگای سلێمانی و کۆی گشتی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە (١٩٥٧-٢٠٢٤)**

| ساڵ | دانیشتوانی شاری پێنجوێن | ڕێژەی دانیشتوانی شار لە کۆی دانیشتوانی شارنشینی پارێزگا% | ڕێژەی دانیشتوانی شار لە کۆی دانیشتوانی پارێزگا% |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٩٥٧ | ٤٤٠٦ | ٤،٨ | ١،٤ |
| ١٩٧٧ | ٧٤٩٤ | ٢،٥ | ١،١ |
| ٢٠٠٢ | ١٣٦١٣ | ١،٣ | ١ |
| ٢٠٢٤ | ٢٧٥٩٦ | ١،٣ | ١،١ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (١).**

لەو ئامارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی دانیشتوانی شارەکە بەراورد بە دانیشتوانی شارنشینی پارێزگای سلێمانی و کۆی گشتی پارێزگاکە زۆر کەمی کردووە ئەمەش وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە دەرەنجامی سیاسەتی حکومەتی بەعس بووە بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەکە. جگە لە هۆکاری سروشتی کە شارەکە کەوتووەتە ناوچەی شاخاوییەوە ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاد نەکات بەو ئاستەی زیادبوونی دانیشتوانی شارنشینی پارێزگا و دانیشتوانی پارێزگاکە.

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن و گرنگترین ئەو هۆکارانەش باس دەکەین کە بونەتە هۆی گۆڕانکاری لە گەشەی دانیشتوانی شارەکە، گەشەی دانیشتوانی شارەکەش دابەش دەکەین بۆ سێ قۆناغ.

**قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان:**

پاڵپشت بە داتاو زانیاری بەردەست هەوڵ دەدەین گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەش بکەین بۆ سێ قۆناغ، بەم شێوەیە:

**قۆناغی یەکەم: (١٩٥٧ – ١٩٧٧) :**

لەم قۆناغەدا کە بیست ساڵی خایاند گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەراورد بە گەشەی ساڵانەی قەزای پێنجوێن و پارێزگای سلێمانی بە تێبینی کردن لە خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن (٢،٦%) بووە لە هەمان کاتدا گەشەی ساڵانەی قەزای پێنجوێن (٢،٢%) بووە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (٣،٨%) بووە، دەبینین گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارەکە زیاترە لە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزاکە و کەمترە لە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی. دەتوانین چەند هۆکارێک لەم قۆناغەدا کاریگەریان هەبووە لەسر گەشی دانیشتوانی شارەکە، لەوانە:

١-وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە لەو ماوەیەدا دانیشتوانی شارەکە و قەزای پێنجوێنیش ناوچەکانیان ڕووبەڕووی سوتان و کاولکاری هاتووە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی لە کاتی ئاوارە بوونی دانیشتوانەکەی بە شێکیان نەگەڕاونەتەوە ناوچەکانیان و هەربۆیە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن و قەزاکەش بەراورد بە پارێزگای سلێمانی کەمترە.

٢-کۆمەڵێک دامەزراوەی خزمەتگوزاری و کارگێڕی لە شارەکە هەبووە، بەڵام لە بە شەکانی تری قەزای پێنجوێن نەبووە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی بەشێک لە دانیشتوانی قەزاکە ڕوو لە شاری پێنجوێن بکەن و گەشەی شارەکە زیاتر بێت بەراورد بە قەزای پێنجوێن.

**خشتەی (٢)**

**گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن و قەزای پێنجوێن و پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٥٧-٢٠٢٤)**

| ماوە | شاری پێنجوێن | قەزای پێنجوێن | پارێزگای سلێمانی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٩٧٧-١٩٥٧ | ٢،٦ | ٢،٢ | ٣،٨ |
| ٢٠٠٢-١٩٧٧ | ٢،٤ | ٠،٩ | ٣،٣ |
| ٢٠٢٤-٢٠٠٢ | ٣،٢ | ٠،٩ | ٢،٩ |
| ٢٠٢٤-١٩٥٧ | ٢،٧ | ١،٣ | ٣،١ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (١).**

*ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دەرهاتوو پشت بەستن بەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

$$R=\left(\sqrt[t]{\frac{p1}{p0}}-1\right)\times 100$$

R = ڕێژەی گەشەی ساڵانە

T = ژمارەی ساڵەکانی نێوان دوو سەرژمێری


P1 ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژومێری

P0 = ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم

سەرچاوە: أبورمان، ممدوح عبدالله، ٢٠٠٢، تغیر سكان محافظة قادسیة، اطروحة دكتورا، كلیة اداب, جامعة بغداد، ص70.

**شێوەی (١)**

**گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن و قەزای پێنجوێن و پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٢)**

**قۆناغی دووەم: (١٩٧٧-٢٠٠٢) :**

ئەم قۆناغە کە ماوەکەی بیست و پێنج ساڵە بەدرێژترین قۆناغ دادەنرێت لە ماوەی توێژینەوەکە و تیایدا ڕێژەی ساڵانەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە، کە ڕێژەکەی (٢،٤%) بووە، بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزاکە زیاتر دابەزیوەو ڕێژەکەی (٠،٩%) بووە، لە هەمان کاتدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (٣،٣%) بووە. هۆکاری کەمبوونەوەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە دەرئەنجامی ئەم هۆکارانە بووە:

1. ناوچەکە ناوچەیەکی سنوریە و بۆ ماوەیەک تەواوی دانیشتوانی کۆچی زۆرەملێیان پێکراوە و دوای ئاسایی بوونەوەی دۆخەکەش بەشێک لەوانە نەگەڕاونەتەوە بۆ قەزاکە.
2. لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٨٦) حەفتاوشەش گوندی ناحیەی گەرمک و چلونۆ گوندی ناحیەی ناوەندی پێنجوێن ڕاگوێزراون و لە ناوچەکانی خۆیان دەرکراون، ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر کەمبونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەزاکە.(محمدعلی، ٢٠٠٨، ١٨٣-١٨٤)
3. هەروەها لەو ماوەیەدا زۆر ڕووداوی گرنگ لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە کە ئەویش کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی پێنجوێن لە گرنگترین ئەو ڕوداوانەش وەک کۆڕەوی دانیشتوانی هەرێم و هەروەها ڕاپەڕینە مەزنەکەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دژی حکومەتی عێراق، ئەمە سەرەڕای کەم بارانی و وشکە ساڵی لەو ماوەیەدا بە تایبەت لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو.

**قۆناغی سێیەم: (٢٠٠٢-٢٠٢٤):**

لەم قۆناغەدا کە ماوەکەی بیست و دوو ساڵە، گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پێنجوێن بەرزبونەوەی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشتر و گەشتوەتە (٣،٢%)، بەڵام گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن لە ئاستێکی نزمدایە و گەشەی ساڵانەی دانیشتوانەکەی تەنها (٠،٩%) بووە و گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگاکە (٢،٩%) بووە. هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ:

1. کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رامیاری لە ئەنجامی پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) هاتە کایەوە، دیارە شاری پێنجوێنیش بەدەر نەبووە لەو گۆڕانکاریانەی کە لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە.
2. ئارامی ناوچەکەو باشتربوونی گوزەرانی دانیشتوان و دابەشکردنی زەوی لە لایەن حوکمەت و پێدانی پێشینەی خانووبەرە، هەموو ئەوانە هۆکاربوون بۆ زیاتر ئاوەدانبوونەوەی شارەکەو بەرز بوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گەشەی دانیشتوان.
3. کردنەوەی دام و دەزگاکانی حوکمەت لە ناوچەکە و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان وەک فەرمانبەر لەو دام و دەزگایانە و دابینکردنی خزمەتگوزاری جۆراو جۆر لەسەروو هەموویانەوە دابینکردنی کارەبای نیشتمانی (٢٤) کاتژمێری بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بونەتە هۆی بەزبونەوەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە بە ڕێژەیەکی بەرز بەراورد بە قۆناغەکانی پێشوو.
4. کردنەوەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ و مەرزی سەیران بەن کە دەکەونە سنوری قەزای پێنجوێن و نزیکن لە ناوچەی توێژینەوە بەتایبەت مەرزی باشماخ کە کە تەنها (٥،٩کم) لە ناوچەی توێژینەوە دووره بوونە دەروازەیەکی بازرگانی زۆر گرنگ بۆ دانیشتوانی شارەکە.

## باسی دووەم:
## ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان:

گەشەی دانیشتوان بە مانای گۆڕانە لە قەبارەی دانیشتوان ئەمەش لە ئەنجامی دوو ڕەگەزی سەرەکیە، ئەوانیش زیادبوونی سروشتی و جوڵەی شوێنی(کۆچ). کە ئەم دوو ڕەگەزە گەشەی دانیشتوان پێکدەهێنن:

**یەکەم: زیادبوونی سروشتی:**

کۆمەڵگەی دانیشتوان تایبەتمەندیەکی دینامیکی هەیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەهۆی ئەوەش دانیشتوان زیاد و کەم دەکەن، لە دایکبوون هۆکاری زیادبوونەکەیەومردن هۆکاری کەبوونەیەتی (السامرائي، 2022، 30). زیادبوونی سروشتی بە توخمێکی سەرەکی دادەنرێت لە گەشەکردنی دانیشتواندا، کە خۆی لە جیاوازی نێوان لە دایکبوون و مردندا دەبینێتەوە، ئەگەر چی لەدایکبوون و مردن دوو دەرکەوتەی جیاوازی بایۆلۆجین، بەڵام وا دیارە فاکتەرەکانی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی لەهەرناوچەیەکدا کاریگەری یەکجار گەورە لە ڕێژەی زیادبوون یان کەمبوونی ژمارەی دانیشتوان دەکەن (تۆفیق، 2009، 24). توێژینەوە لە بواری گەشەی دانیشتوان بە بێ لێکۆڵینەوە لە جوڵەی سروشتی (لەدایکبوون و مردن) ناتوانین ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوانی شارمان بۆ ڕوون بکاتەوە(تالب، 1999، 46).

بۆ لێکۆڵینەوە لە هەردوو ڕەگەزی لەدایکبوون و مردن پشت بە ئامارو زانیاریەکانی فەرمانگەی تەندروستی پێنجوێن دەبەستین، ئەگەر چی داتاکان کەم و کورتیان تێدایە، بەڵام تا ڕادەیەکی باش زۆر ڕاستیان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

**١-لەدایکبوون:**

لەدایکبوون هۆیەکی سروشتی گەشەی دانیشتوانە و بریتیە لەو وەچانەی کە دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەیخەنەوە (خفاف، 1986، 192).

وەک دەزانین لە دایکبوون دیاردەیەکی سروشتیە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تێکڕای دیاردە دیمۆگرافییەکانی دانیشتوان لە شارەکاندا، لێکۆڵینەوە لەم ڕەگەزە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بە پلاندانانی داهاتوو وە بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە.

ئەگەر ئاماژەیەک بدەین بە تێکڕای لە دایکبوون لە شاری پێنجوێن بە سەرنج دان لە خشتەی (٣) بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون (١٨) لە هەزاردا، لە ماوەی نێوان (٢٠٠٣-٢٠٢٤)، بەرزترین ڕێژەی لە دایکبوون لە ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی (٢٠٠٤) تۆمارکراوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (٢٥،٢) لە هەزاردا، ئەمەش پەیوەندی هەبووە بە جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک لە ماوەکانی پێشوودا، کە ئەمەش هاندەری دانیشتوان بووە لە پێناو وەرگرتنی بەشە خۆراک منداڵە تازە لە دایکبووەکانیان تۆمار بکەن. بە شێوەیەکی گشتی لە ساڵانی (٢٠٠٤ و ٢٠٠٩ و ٢٠١٠) ڕێژەی بەرزی لە دایکبوون تۆمار کراوە بەراورد بە ساڵانی تر کە یەک بە دوای یەک (٢٥،٢ و ٢٤،٥ و ٢٤،٦) لە هەزاردا بووە.

**خشتەی (٣)**

**لە دایکبوون لە شاری پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٤) لە هەزاردا**

| ساڵ | ڕێژەی لەدایکبوون | ساڵ | ڕێژەی لە دایکبوون |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٢٤،٧ | ٢٠١٤ | ١٨،٩ |
| ٢٠٠٤ | ٢٥،٢ | ٢٠١٥ | ٢٠ |
| ٢٠٠٥ | ٢٢،٩ | ٢٠١٦ | ١٢،٨ |
| ٢٠٠٦ | ٢٠،٢ | ٢٠١٧ | ١٧،٧ |
| ٢٠٠٧ | ٢٢،٣ | ٢٠١٨ | ١٩،٩ |
| ٢٠٠٨ | ١٦،٧ | ٢٠١٩ | ١٧،٢ |
| ٢٠٠٩ | ٢٤،٥ | ٢٠٢٠ | ١٥،٤ |
| ٢٠١٠ | ٢٤،٦ | ٢٠٢١ | ١٦ |
| ٢٠١١ | ١٨،٧ | ٢٠٢٢ | ١١،٩ |
| ٢٠١٢ | ١٣،٨ | ٢٠٢٣ | ١٠،٩ |
| ٢٠١٣ | ١٤،٣ | ٢٠٢٤ | ٨،٤ |
| تێکڕا | | | ١٨ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (٢).**

هۆکاری بەرزی ڕێژەی لە دایکبوون دەگەڕێتەوە بۆ:

١-بەردەوامی جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک.

٢-ئارەزووی منداڵبوونی زۆر لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە. چونکە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کلتوری و نەریتی باوی ناوچەکە لەگەڵ پاڵنەری ئاینی و بوونی پیشەی کشتوکاڵ لە شارەکە هۆکارن بۆ بەرزبونەوەی ڕێژەی لە دایکبوون.

٣-دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری هەرێمی کوردستان بەرەو باش بون بوو، هەروەها پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری، خانووبەرە، قەرزی بچووک بوونە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار و بوژانەوەی باری ئابوری ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش هاندەر بووە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری و دواتر منداڵ خستنەوە.

بە ئاماژەدان بە ڕێژەی لە دایکبوون بۆمان دەردەکەوێت کە ساڵەکانی (٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤) نزمترین ڕێژەی لە دایکبوون لەو ساڵانەدا تۆمار کراون، وە بەشێوەیەکی گشتی نزمبونەوەی ڕێژەی لە دایکبوون بۆ کۆمەڵێک فاکتەر دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١-سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان و نەمان و کەمبوونەوەی مووچە، بە تایبەت لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و خستنەوەی وەچە.

٢-تۆمار نەکردنی ئەو لە دایکبووانەی لە دەرەوەی شاری پێنجوێن لە دایکبوون، منداڵ لە هەر شوێنێک لە دایک بێت لەو شوێنە تۆمار دەکرێت و ڕێژەیەکی زۆر لە لە دایکبووان هەرچەندە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییان شاری پێنجوێنە، بەڵام لە شارەکانی تری وەک سلێمانی و سەیدسادق لە دایک دەبن ئەمەش وا دەکات لەو شارانە تۆمار دەکرێن.

٣-بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکی لە بارەی سنورداركردنی لە دایکبوون، فاکتەرێکی گرنگە و کاریگەری گەورەی هەبووە لە بچووکبوونەوەی قەبارەی خێزان بەراورد بە ڕابردوو.

٤-نەمان و کۆتایی هاتنی پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و خستنەوەی منداڵ.

٥-کۆچی بەردەوامی گەنجانی ناوچەی توێژینەوە بۆ دەرەوە بە مەبەستی باش بوونی بارودۆخی ئابووریان کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری.

بە گشتی چەندین هۆکار هەیە کاریگەرییان هەیە لەسەر لە دایکبوون و دەبنە هۆی جیاوازی ڕێژەی لە دایکبوون، گرنگترین ئەو هۆکارانەش لە ناوچەی توێژینەوە ئەمانەن:

**أ- ژنهێنان و شوکردنی پێش وەختە:**

ژنهێنان و شوکردنی پێش وەخت یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکان کار لە بەرزی ژمارە و تێکڕای لە دایکبوون و خستنەوەی وەچەی زیاتر دەکەن، چونکە تاوەکو ماوەی مانەوەی ژن و مێرد زیاتر بێت دەرفەتی وەچە خستنەوە زیاتر دەبێت، ئەگەر بەراوردی بکەین بەو تەمەنانەی لە ڕووی یاسای و سەردەمیەوە ڕێگە پێدراوە یان لەگەڵ کۆی حاڵەتەکانی تری هاوسەرگیری کە لە تەمەنەکانی تردا باوە، ئەوا ئەگەری وەچە خستنەوە لەو کەسانەی پێوەختە هاوسەرگیری دەکەن زیاتر دەبێت. هاوسەرگیری پێش وەختە و دیاردەی زوو شوکردن یەکێکە لە سیما دیارەکانی پارێزگای سلێمانی (میرزاعبدالله، 2023، 74) ناوچەی توێژینەوەش دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی و لەو ڕووەوە کاریگەریەکانی لە شاری پێنجوێن بە ڕوونی دیارە. دکتۆر خلیل ئیسماعیل محمد ئاماژە بەوە دەکات کەوا شوکردن لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا دوو ئەوەندە منداڵبوونی لێ دەکەوێتەوە وەک لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا (محمد، 2002، 100).

**ب-بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیتی:**

پیتی زاراوەیەکە بۆ پرۆسەی سککردن بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوان بەکار دەهێنرێت بە ژمارەی لەدایکبوونی زیندوو دەخرێتە پێش چاو (غەفور، 2012، 44). هەروەها دەتوانین بڵێین توانای ئافرەتە بۆ سکپڕی و منداڵبوون لە ماوەی دیاریکراوی سکپڕیدا (١٥-٤٩) ساڵ، بەرزی ڕێژەی مێیە لەتەمەنی منداڵبووندا و هۆکاری سەرەکی بەرزی ڕێژەی منداڵبوونە (محمود، 2013، 23) بەسەرنجدان لە خشتەی (٤) بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (٩٨%) ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن لە تەمەنی منداڵبووندان و توانای وەچەخستنەوەیان بەرزە، ئەمەش کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە. لە خشتەکەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو مێینانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٢٤) ساڵدایە زۆرترین ڕێژەی شوکردووانی شارەکەن کە ڕێژەکەیان دەگاتە (٣٩%) ی کۆی گشتی شووکردوان، لە دوای ئەویش ئەوانەن مێینانەن مە تەمەنیان لە نێوان (١٥-١٩) ساڵدایە کە ڕێژەی (٣٢%) کۆی گشتی شوکردوانن، ئەو مێینانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٢٥-٢٩) ساڵدایە ڕێژەی (١٣%) ی کۆی گشتی شوکردوانن. کە ئەمە پێمان دەڵێت ئەگەر تەمەنی (٤٩) ساڵ کۆتا

تەمەنی منداڵبوونی ڕەگەزە مێینە بێت ئەوا ڕێژەی (٧١%) مێینە لە تەمەنی (١٥-٢٤) ساڵیدا شوویان کردووە کەواتە ماوەیەکی زۆریان لەبەر دەستە بۆ منداڵبوون کە دەگاتە (٢٥_٣٤) ساڵ.

**خشتەی(٤)**

**ژمارەو تەمەی شوکردوان لە شاری پێنجوێن لە ساڵی (٢٠٢٤)**

| تەمەنی شوکردوان | ژمارەی شوکردوان | ڕێژەی% لەکۆی شوکردوان |
|---|---|---|
| ١٥-١٩ | ١٤٦ | ٣٢ |
| ٢٠-٢٤ | ١٧٧ | ٣٩ |
| ٢٥-٢٩ | ٥٩ | ١٣ |
| ٣٠-٣٤ | ٣١ | ٧ |
| ٣٥-٣٩ | ١٥ | ٣،٣ |
| ٤٠-٤٤ | ١٠ | ٢،٢ |
| ٤٥-٤٩ | ٦ | ١،٣ |
| ٥٠-٥٤ | ٥ | ١،١ |
| ٥٥-٥٩ | ٤ | ٠،٩ |
| ٦٠بەرەو سەر | ١ | ٠،٢ |
| کۆ | ٤٥٤ | ١٠٠ |

**سەرچاوە: وەزارەتی داد، دادگای باری کەسێتی پێنجوێن، زانیاری دەربارەی تەمەن وژمارەی هاوسەرگیری ڕەگەزی مێ، لە ساڵی (٢٠٢٤) بڵاونەکراوە.**

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین پیتی پەیوەندی بە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە هەیە و ئەمانەش بارگەلێکن کە ناتوانرێت لە سایەیاندا پێشبینی داهاتوو بکرێت، تەنها دەتوانین بڵێین داهاتووی پیتی پەیوەستە بە داهاتووی شارستانییەتی مرۆڤەوە (وهيبة، 2011، 118).

## ج-هۆکاری ئاینی:

هۆکاری ئاینی ڕۆڵی گرنگی هەیە لەسەر بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون، وە ئاینی ئیسلامیش کە ئاینی زۆرینەی دانیشتوانی شاری پێنجوێنە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەیە لەسەر ڕێژەی لەدایکبوون، چونکە هانی ژنهێنان و منداڵبوون دەدات و وە ڕێگەی داوە پیاوان زیاتر لە ژنێک بهێنن و خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع فإن خفتم الآ تعدلوا فواحدة او ما ملكت ايمانكم ذلك ادنى الا تعولوا) ( القرأن كريم، سورة النساء، الآية 3). لەگەڵ ئەوەشدا هانی منداڵبوون دەدات و خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت (ولا تقتولوا اولادكم خشيه املاق نحن نرزقهم و اياكم ان قتلهم كان خطأ كبيرا (، القرأن كريم، سورة الأسراء، الأيه ٣١). واتە منداڵەکانتان مەکوژن لەبەر برسێتی ئێمە ڕزقیان دابین دەکەین، کوشتنیان تاوانە. هەروەها پێغەمبەری موسوڵمانان(د.خ) لەسەر بێت دەفەرموێت (أبعض الحلال الى الله الطلاق) واتا ناخۆشترین ڕێگە پێدراو لای خوای گەورە جیا بوونەوەی ژن و مێردە.

هەرچەندە ڕێژەی هاوسەرگیری زیاتر بێت ڕێژەی لە دایکبوون زیاتر دەبێت بە پێچەوانەشەوە هەتا ڕێژەی جیابوونەوە زیاتر بێت بە واتای کەمبوونەوەی ڕێژەی لە دایکبوونە، بە تێبینی کردن لە خشتەی (٥) بۆمان دەردەکەوێت لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٥-٢٠٢٤) تێکڕای حاڵەتەکانی هاوسەرگیری (١٦،٨) لە هەزاردایە لە بەرامبەردا تێکڕای حاڵەتەکانی جیابوونەوە (٢،٦) لە هەزادا.

**خشتەی(٥)**

**هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە شاری پێنجوێن لە ماوەی نێوان (٢٠١٥-٢٠٢٤)**

| ساڵ | ژمارەی هاوسەرگیری | ڕێژەی هاوسەرگیری | ژمارەی جیابوونەوە | ڕێژەی جیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٥ | ٣٦٧ | ١٦،٧ | ٦٠ | ٢،٧ |
| ٢٠١٦ | ٣٤٩ | ١٥،٦ | ٦٢ | ٢،٧ |
| ٢٠١٧ | ٣٨٤ | ١٦،٧ | ٥٩ | ٢،٥ |
| ٢٠١٨ | ٤٠١ | ١٦،٩ | ٦٥ | ٢،٧ |
| ٢٠١٩ | ٤٤٥ | ١٨،٢ | ٧٦ | ٣،١ |
| ٢٠٢٠ | ٣٧٠ | ١٤،٨ | ٥٣ | ٢،١ |
| ٢٠٢١ | ٤٨٢ | ١٨،٩ | ٧٤ | ٢،٩ |
| ٢٠٢٢ | ٤٦٨ | ١٧،٩ | ٦٦ | ٢،٥ |
| ٢٠٢٣ | ٤٤٣ | ١٦،٦ | ٧٢ | ٢،٧ |
| ٢٠٢٤ | ٤٥٤ | ١٦،٦ | ٨٤ | ٣ |
| تێکڕای (٢٠١٥-٢٠٢٤) | | ١٦،٨ | | ٢،٦ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (٣)**

## د-هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری:

داب ونەریتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هاندەرێکی سەرەکیە بۆ ژنهێنانی کوڕان و شووکردنی کچان، دەبینین لە نێوخێزانەکاندا ئەوانەی نەوەیان زۆرە خاوەن پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتین و لە کەرتی کشتوکاڵیدا وەک دەستی کار بەکار دەهێنرێن، دیارە ئەمەتەنها تایبەت نیە بە گوندەکانەوە کاردانەوەی بە شێوەی جۆراوجۆر لە شارەکانیش بە دەردەکەوێت ئەمەش بەستراوەتەوە بە ڕادەی پێشکەوتنی شارتانی و ڕۆشنبیری دانیشتوان و باری ئابوریان (محمد، 2002، 110). شاری پێنجوێن وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان بەدەر نیە لەو کلتورو داب و نەریتانەی هانی پرۆسەی هاوسەرگیری و زوو منداڵبوون دەدەن، لە ڕابردووەوە تاوەکو ئێستاش ئەو کەسانەی جیابوەوەن بە چاوێکی جیاوازتر سەیر دەکرێن، بۆیە بۆ دورکەوتنەوە لەو تێڕوانینە تەمەنی هاوسەرگیری زۆر جار درێژە دەکێشێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر زۆربوونی ڕێژەی لەدایکبوون.

لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی بە گشتی لە کۆمەڵگەدا ڕوویداوە و ژمارەی جیابوونەوە زیادی کردووە، بەڵام ناوچەی توێژینەوە کە شاری پێنجوێنە دانیشتوان تا ڕادەیەک وابەستە و پەیوەستن بەنەریتی کۆمەڵایەتی و ئەمەش هاندەرە بۆ هاوسەرگیری و زوو منداڵبوون، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر پرۆسەی لە دایکبوون و گەشەی دانیشتوان.

## ٢-مردن:

مردن دیاردەیەکی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیە، بایۆلۆژیە چونکە ژیانی مرۆڤ تا ماوەیەکی دیاریکراوە، دوای ئەوە تەمەنی مرۆڤ کۆتایی دێت و دەمرێت. کۆمەڵایەتیە لەبەر ئەوەی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی کاری لێدەکات، بە جۆرێک لەو کۆمەڵگایانەی هەژاری و نەزانی تیایاندا بڵاوە ڕێژەی مردن بەرزە، هەر بۆیە بە بەرزبوونەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و تەندروستی و دەستەبەرکردنی خۆراکی باش بۆیان ڕێژەی مردن کەم دەبێتەوە (عزيز، 1984، 203). مردن بە ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت کە کار دەکاتە سەر گەشەی دانیشتوان و هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی دانیشتوانە(ابوعيانة، 1987، 54).

بۆ شیکردنەوەی ئاراستەکانی مردن لە شاری پێنجوێن پشت دەبەستین بە هاوکێشەی تێکڕای گشتی مردن ئەویش بە دابەشکردنی ژمارەی مردووان لە ساڵێکی دیاریکراودا لەسەر ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا و لێکدانی هەزاری دەکەین.

بە پێی داتاکانی مردن لە شاری پێنجوێن لە ماوەی نێوان (٢٠٠٣-٢٠٢٤) بە تێڕوانین لە خشتەی (٦) بۆمان دەردەکەوێت بەرزبونەوە و دابەزینی زۆری بەخۆوە بینیوە تێکڕای مردن لەم ماوەیەدا دەگاتە (٤،١) لە هەزاردا. بەرزترین ڕێژەی مردن دەکەوێتە ساڵی (٢٠١٢) کە ڕێژەکەی (٨،٥) بووە لە هەزاردا. بەشێوەیەکە گشتی لە ساڵانی (٢٠٠٤و ٢٠١١و ٢٠١٢ و ٢٠١٤) ڕێژەی بەرزی مردن تۆمار کراوە بەراورد بە ساڵانی تر کە یەک بەدوای یەک (٦،١و٦،٧ و ٨،٥ و ٧،٥) لە هەزاردا بووە. دەتوانین بڵێین بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و خراپ بوونی دۆخی ئابوری و بەرزبوونەوەی هۆشیاری هاوڵاتیان کە هاندەری دانیشتوان بووە مردووەکانیان تۆمار بکەن، هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن لە شارەکە بوونی ڕێژەیەکی زۆرە لە مینی چێنراو کە هۆکاری مردنی بەشێک بووە لە دانیشتوان، زیاتر لە ١٣%ی کۆی گشتی قوربانیانی مین لە پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە قەزای پێنجوێن و شاری پێنجوێنیش بەشێکە لە قەزاکە(کریم، ٢٠٢٢، ١٥٠).

و نزمترین ڕێژەی مردنیش دەکەوێتە ساڵی (٢٠٢٣) ەوە کە ڕێژەکەی تەنها (٢،٤) لە هەزاردا. کە ئەمەش تێکڕایەکی نزمە و هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ باش بوونی خزمەتگوزاری تەندروستی. ساڵەکانی (٢٠١٦ و ٢٠١٨ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢٤) لەو ساڵانەن کە ڕێژەی مردن تیایاندا نزمە. پەیوەندیشەیە بەو بەشەی خۆراکەی مانگانە دەدرێت بە هاوڵاتیان، هەر بۆیە بە بیانوی نەبڕینی ئەو بەشە خۆراکە بەشێک لە دانیشتوان ئامادە نەبوون مردووەکانیان تۆمار بکەن.

**خشتەی (٦)**

**تێکڕای مردن لە شاری پێنجوێن لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٤) لە هەزاردا**

| ساڵ | ڕێژەی مردن | ساڵ | ڕێژەی مردن |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٣،٦ | ٢٠١٤ | ٧،٥ |
| ٢٠٠٤ | ٦،١ | ٢٠١٥ | ٣،٢ |
| ٢٠٠٥ | ٣،١ | ٢٠١٦ | ٢،٨ |
| ٢٠٠٦ | ٣،٧ | ٢٠١٧ | ٣،٥ |
| ٢٠٠٧ | ٢،٦ | ٢٠١٨ | ٢،٨ |
| ٢٠٠٨ | ٣،٣ | ٢٠١٩ | ٣،٣ |
| ٢٠٠٩ | ٤،٩ | ٢٠٢٠ | ٢،٨ |
| ٢٠١٠ | ٥،٧ | ٢٠٢١ | ٣،٣ |
| ٢٠١١ | ٦،٧ | ٢٠٢٢ | ٣،٤ |
| ٢٠١٢ | ٨،٥ | ٢٠٢٣ | ٢،٤ |
| ٢٠١٣ | ٤،٢ | ٢٠٢٤ | ٣ |
| تێکڕا | | | ٤،١ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (٢)**

سەبارەت بە زیادبوونی سروشتی هەروەک لە پێشتر باسمان کردووە بریتیە لە جیاوازی نێوان تێکڕای ڕەگەزی لە دایکبوون و مردن، بەدەرکردنی ڕێژەی لەدایکبوون لە ڕێژەی مردن، ئەوە ڕێژەی زیادبوونی سروشتیمان بۆ دەردەچێت. بێگومان زیادبوونی سروشتی کاریگەری دیاری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە، بەجۆرێک ئەگەر ئاماژە بدەینە خشتەی (٧) بۆمان دەردەکەوێت لە شاری پێنجوێن تێکڕای گەشەی سروشتی لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٤) لە هەزاردا (١٣،٩) ئەمەش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کە گەشەی سروشتیان مامناوەندە، چونکە گەشەی سروشتی مامناوەندە لەو وڵاتانەی کە دەگاتە (١٠-٢٠) لە هەزاردا (محمود، ٢٠١٣، ٣١)،بەڵام زیادبوونی سروشتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بە شێوەیەک تێکڕای نزمترین گەشەی سروشتی دانیشتوان لە ساڵی (٢٠١٢) یەو ڕێژەکەی دەگاتە (٥،٣) لە هەزاردا و بەرزترین ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان دەکەوێتە ساڵی (٢٠٠٣) کە ڕێژەکەی (٢١،١) لە هەزاردا، جگە لە ساڵی (٢٠٠٣) و ڕێژەیەکی مام ناوەندە تەواوی ساڵەکانی تر گەشەی سروشتی دانیشتوانی شارەکە لە ئاستی نزمە، بەڵام وەک ئاماژەمان پێکرد ڕێژەکە بەرزو نزمی زۆری بەخۆوە بینیوە، بۆ نمونە لە ساڵانی (٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩) ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان (١٩،١ و ١٩،٨ و ١٩،٦ )لە هەزاردا، بەڵام ئەم ڕێژانە لە ساڵانی (٢٠١٢, ٢٠٢٣و ٢٠٢٤) دادەبەزن بۆ (٥،٣ و ٨،٥ و ٥،٤)لە هەزاردا. بەهۆی کەمبوونەوەی جیاوازی نێوان لە دایکبوون و مردنەوە.

**خشتەی (٧)**

**گەشەی سروشتی دانیشتوان لە شاری پێنجوێن لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٤)**

| ساڵ | ڕێژەی گەشەی دانیشتوان | ساڵ | ڕێژەی گەشەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٢١،١ | ٢٠١٤ | ١١،٤ |
| ٢٠٠٤ | ١٩،١ | ٢٠١٥ | ١٦،٨ |
| ٢٠٠٥ | ١٩،٨ | ٢٠١٦ | ١٠ |
| ٢٠٠٦ | ١٦،٥ | ٢٠١٧ | ١٤،٢ |
| ٢٠٠٧ | ١٩،٧ | ٢٠١٨ | ١٧،١ |
| ٢٠٠٨ | ١٣،٤ | ٢٠١٩ | ١٣،٩ |
| ٢٠٠٩ | ١٩،٦ | ٢٠٢٠ | ١٢،٦ |
| ٢٠١٠ | ١٨،٩ | ٢٠٢١ | ١٢،٧ |
| ٢٠١١ | ١٢ | ٢٠٢٢ | ٨،٥ |
| ٢٠١٢ | ٥،٣ | ٢٠٢٣ | ٨،٥ |
| ٢٠١٣ | ١٠،١ | ٢٠٢٤ | ٥،٤ |
| تێکڕا | | | ١٣،٩ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە هەردوو خشتەی (٣) و (٦).**

## دووەم: کۆچ:

کۆچ چالاکیەکی مرۆییە بە درێژایی تەمەن لە لایەن دانیشتوانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش ئارەزووی مرۆڤە بۆ جێهێشتنی ناوچەکەی بە هۆکاری ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان هۆکاری سیاسی بە ئامانجی سەقامگیری و ژیانێکی باشتر واتە کۆچ بریتیە لە گواستنەوە مرۆڤ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە ئامانجی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی (عبداجبار، ٢٠٢٣، ٣٨). کۆچ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر گۆڕانی ژمارە و گەشەی دانیشتوان، چونکە کۆچ سەرچاوەی دووەمی ئەو گۆڕانیە کە بەسەر ژمارەی دانیشتواندا دێت، هەروەها توخمێکی سەرەکیە لە توێژنەوەکانی تایبەت بە دانیشتواندا، چونکە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەکردن و گۆڕانی تایبەتمەندیەکانی دانیشتوان هەیە (حسین، ٢٠٠١، ٧٧).

دەتوانین بڵێین کۆچ هۆکارێکی بە پەلەی گەشەی دانیشتوانە بە پێچەوانەی لەدایکبوون و مردن کە پێویستیان بە ماوەیەکی زۆر هەیە لە ڕووی کاتەوە بۆ ئەوەی کاریگەریان دەر بکەوێت لەسەر گەشەی دانیشتوان.

بە شێوەیەکی گشتی لە شاری پێنجوێن دوو جۆر کۆچی تێدا بەدی دەکرێت، کە ئەوانیش کۆچی ناوخۆیی و کۆچی دەرەکی:

### ١-کۆچی ناوخۆ:

کۆچی ناوخۆ کۆچ کردنە لە ناو سنوری رامیاری ولاتێکدا، جا ئەو کۆچانە لە لادێوە بۆ شار یان لە شارەوە بۆ شار بێت (ناوەندە شارستانیەکانی تری قەزای پێنجوێن بۆ شاری پێنجوێن بێت یان لە ناوچەکانی تری دەرەوەی قەزاکە بێت). ئەم جۆرانەی کۆچ بە چەند شێوەیەک لە شارەکە دەردەکەوێت کە ئەوانیش بریتین لە:

### أ-کۆچ لە لادێوە بۆ شار:

کۆچ لە لادێوە بۆ شار بریتیە لە کۆچی گوندنیشینان بۆ شار و ناوەندە شارستانیەکان وە یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین شێوەکانی جوڵەی شوێن جێی دانیشتوان لە ناوخۆی ولاتاندا(کساب، ٢٠٠٢، ٧٠)

ئەگەر چی هیچ داتایەک نیە دەربارەی ڕێژەی کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شاری پێنجوێن، بەڵام بە بەراورد کردنی ڕێژەی گەشەی شارنشینی قەزای پێنجوێن لەگەڵ گوندنشینی قەزاکە، کۆچ کردنی گوندنشینیان بۆ شارەکان بۆ روون دەبێتەوە.

بە سەرنجدان لە خشتەی (٨) ڕێژەی گەشەی گوندنشینان بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە رۆشتووە.

لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧-١٩٧٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشینی (٣،٦%) بووە، بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنیشینان (٢،٢%) بووە، ئەم ڕێژەیە لە قۆناغی دواتر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٠٧٧-٢٠٠٢) نزمترین ئاستی گەشەی شارنشینی تۆمار دەکات بە ڕێژەی (٢%) لە هەمان کاتدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشینی دادەبەزێت بۆ (٠،١%)، سەبارەت بە ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٢٤) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشینی بەرزدەبێتەوە بۆ (٣،١%) و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنیشنی بەردەوامە لە دابەزین و دەبێت بە (-٠،٧%) ئەمەش بە رونی دەریدەخات سەنتەرە شارنیشینیەکان شوێنی ڕاکێشانی گوندنیشینان بووە. لە تێکرای ماوەکەدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤) گەشەی شارنشینی (٢،٨%) بووە لە بەرامبەردا گەشەی گوندنیشینی (٠،٥%) بووە. ئەم گۆڕانکاریانە لە گەشەی دانیشتوانی شارنشینی و گوندنشینیان بۆمان روون دەکاتەوە کە دانیشتوانی گوندەکان لە کۆچی بەردەوامدان بۆ شارەکان.

**خشتەی (٨)**


**ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارنشینی و گوندنشینی لە قەزای پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤) %**

| ماوە | شارنشیني قەزای پێنجوێن% | گوندنشینی قەزای پێنجوێن% |
|---|---|---|
| ١٩٧٧-١٩٥٧ | ٣،٦ | ٢،٢ |
| ٢٠٠٢-١٩٧٧ | ٢ | ٠،١ |
| ٢٠٢٤-٢٠٠٢ | ٣،١ | ٠،٧- |
| ٢٠٢٤-١٩٥٧ | ٢،٨ | ٠،٥ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (١)**

**شێوەی (٢)**

**ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارنشینی و گوندنشینی لە قەزای پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤) %**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٨)**

سەبارەت بە ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی شارو گوندیش دەبینین کە لە ساڵی (١٩٥٧) دانیشتوانی شارنشینی ڕێژەی (٢٠،٣%)ی کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکەیە، بەڵام لەساڵی (١٩٧٧) ڕێژەکە زیاد دەکات بۆ (٢٣،٦%) و لە ساڵی (٢٠٠٢) بەرزبونەوی ڕێژەی شارنشینی لە قەزاکە بەردەوامە و دەبێت بە (٣١،%)، لە ساڵی (٢٠٢٤) ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکە زیاتر لە نیوەی کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکەیە و ڕێژەکەی دەگاتە (٥١،٥%) لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بەردەوامە بۆ شارەکانی قەزاکە بە گشتی و شاری پێنجوێن بە تایبەتی، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە.

کۆچی گوندشینان بۆ شاری پێنجوێن بەبێ هۆکار نیەو کۆمەڵێک هۆکار کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر ئەم جۆرەی کۆچ، ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

### ١-هۆکاری رامیاری:

گرنگترین هۆکارە کە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی کە کاریگەری لەسەر کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بۆ ناوچەکانی تر، وەک دەزانین گوندەکان هەمیشە لانکەی شۆڕشگێڕانی کورد بوون دژی حوکەتی پێشووی بەعس و پاڵپشت و پشتیوانێکی گەورەی هێزی پێشمەرگە بوون بۆیە گوندەکان دووچاری سوتان و رووخان بونەتەوە و دانیشتوانیان دووچاری کۆچی زۆرە ملێ بوون، وە تەنها لە ماوەی (١٩٧٨-١٩٨٦) (٧٦) گوندی ناحیەی گەرمکی سەر بە قەزای پێنجوێن و (٤٩) گوندی ناحیەی سەنتەر روخێنراون و چۆڵکراون لە دانیشوان. (محمدعلی، ٢٠٠٨، ١٨٣-١٨٤).

### ٢-هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی:

هۆکاری یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی کۆچی ناوخۆیی، زۆربەی دانیشتوانی گوندنیشینەکان پاش تەواو بوونی وەرزی کشتوکاڵ بێ کار دەمێننەوە و ناتوانن کارێکی تر بدۆزنەوە لەبەر بێ کاری روو لەو شوێنانە دەکەن کە کاری تێدا دەست دەکەوێت و ئەو شوێنانەش شارەکانن، وە هۆکاری کۆمەڵایەتیش کاریگەری هەیە لەسەر کۆچی گوندنیشینان بۆ شارەکان، بۆ نمونە هەندێک جار بەشێک لە دانیشتوانی گوند بۆ

ئاسودەیی ڕوو لەشارەکان دەکەن، یاخود بە هۆی ناکۆکی لە نێو بنەماڵەکان گوندەکان بە جێدەهێڵن (غەفور، ٢٠٠٥، ٢١٣-٢١٤). بێ گومان ناوچەی توێژینەوەش وەک زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی کاریگەری هەبووە لەسەر دانیشتوانی گوندنشینەکان و بەشێک لەوانی کۆچیان کردووە ئەم هۆکارە کاری لێکردوون.

**٣-خزمەتگوزاری:**

جیاوازیەکی زۆر هەیەلە نێوان گوند وشارەکان لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاری ، وەک خزمەتگوزاری تەندروستی وپەروەردە و ژێرخان و هۆکارەکانی خۆشگوزارەرانی و هەموو ئەمانە وا دەکات شارەکان ببنە ڕاکێشەری دانیشتوان و بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکان ڕوو لە شار بکەن و شاری پێنجوێنیش فاکتەرەکانی ڕاکێشانی تێدایە وەک ( نەخۆشخانەی گشتی و بنکەی تەندروستی و باخچەی ساوایان و قوتابخانەی بنەڕەتی و خوێندنگەی ئامادەیی و پارک و یاریگای جۆراوجۆر) کە بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێن بۆ ئەوەی بەشێک لە گوندنشینانی چواردەور ڕوو لە شارەکان بکەن.

**ب-کۆچی هاتوو لە دەرەوەی قەزای پێنجوێن:**

جۆرێکی ترە لە کۆچی ناوخۆیی هاتنی کۆچەر دەکەوێتە دەرەوەی قەزای پێنجوێن، هەرچەندە داتای پێویست لەبەردەست نیە، بەڵام شاری پێنجوێن جگە لەوەی شارێکی سنوریە و مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ کە ناوەندێکی گرنگی بازرگانیە و تەنها (٥،٩)کم لە شارەکەوە دوورە وایکردووە ژمارەیەک خێزان لە دەرەوەی قەزاکەوە ڕو بکەنە شاری پێنجوێن و ژیان لەو شارە دەکەن، ئەمە جگە لەوەی بەشێک لە فەرمانبەران و مامۆستایان لە دەرەوەی قەزاکەوە هاتوون و لەو شارە دەژین، هەروەها بەشێک لەوانەی بۆ پیشەی کشتوکاڵ ڕوو لە قەزای پێنجوێن دەکەن لە شاری پێنجوێن ژیان دەکەن و لەو شارە بە هەمیشەیی دەمێننەوە. بێگومان ئەوانەش کاریگەریان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە.

**٢-کۆچی دەرەکی:**

کۆچی دەرەکی بریتیە لە شوێن گۆڕکێی تاک لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و کۆچەر سنوری ڕامیاری وڵات دەبەزێنێت بە ئامانجی مانەوەی بەردەوام، ئەم جۆرە کۆچە لە ئەنجامی چەندین فاکتەری جیاوازی وەک(ئابوری، ڕامیاری و کۆمەڵایەتی) ڕوو دەدات (محمود، ٢٠١٣، ٣٧). بەهۆی ئەوەی لە شارەکە دامەزراوەیەکی پسپۆڕ نیە بۆ تۆمارکردنی داتاکانی تایبەت بە کۆچی دەرەکی و هەروەها بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری ئەم جۆرەی کۆچ بەشێوەی نایاسایی ڕوو دەدت، بۆیە نەمانتوانی بە وردی باسی ئەم جۆرەی کۆچ بکەین.

**پوختەی کۆچ**

بریتیە لە جیاوازی هاتوان بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو لەگەڵ ئەوانی لە هەمان ناوچە ڕۆشتوون لە ماوەیەکی دیاریکراودا، دەتوانین پوختەی کۆچ بەچەند ڕێگایەک دەستنیشان بکەین (الداودی، ٢٠٠٣، ١١٦).

1-لە ڕێگەی ئامارە زیندەگیەکان.

٢-ڕێژەی مانەوە.

٣-شوێنی لەدایکبوون.

٤-بەراوردکردنی تێکڕای گەشەی دانیشتوان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

بۆ زانینی پوختەی کۆچ لە شاری پێنجوێن پشت بە ڕێگەی چوارەم دەبەستین ئەویش بەدەرهێنانی جیاوازی لە نێوان ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لە گەشەی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن بە پێی ئەم هاوکێشەیە (محمد، ٢٠٠٥، ١٥).

پوختەی کۆچ= ڕێژەی گەشەی ساڵانی دانیشتوانی شار- ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزا.

بە پێی ئەم هاوکێشەیە پوختەی کۆچ لە شاری پێنجوێن لە ماوەی نێوان (١٩٥٧-٢٠٢٤) گەیشتوەتە (١،٤%) ئەم ڕێژەیە لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە یەک ئاستدا نیە بە سەرنجدان لە خشتەی (٩) پوختەی کۆچ لە ماوەی نێوان (١٩٥٧-١٩٧٧) گەیشتووەتە (٠،٤%) ساڵانە و لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٠٢) ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە و دەگاتە (١،٥%) ئەمەش پەیوەندی بەو گۆڕانکاریانەوە هەیە لەو ماوەیدا لە ناوچەکە ڕوویداوەو هەروەها وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە سوتاندن وچۆڵکردنی بەشێکی زۆری گوندەکان لە دانیشتوان، لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٢٤) ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ دەگاتە (٢،٣%) ئەویش بەهۆی باش بونی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری لە شارەکان و دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان وەک فەرمانبەر لە دام و دەزگاکانی حوکمەت هەموو ئەوانە وایکرد ژمارەیەکی زۆری گوندنیشینان ڕوو لە شار بکەن.

**خشتەی(٩)**

**پوختەی کۆچ لە شاری پێنجوێن بۆ ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤)**

| ماوە | شاری پێنجوێن | قەزای پێنجوێن | پوختەی کۆچ |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٧٧ | ٢،٦ | ٢،٢ | ٠،٤ |
| ١٩٧٧-٢٠٠٢ | ٢،٤ | ٠،٩ | ١،٥ |
| ٢٠٠٢-٢٠٢٤ | ٣،٢ | ٠،٩ | ٢،٣ |
| ١٩٥٧-٢٠٢٤ | ٢،٧ | ١،٣ | ١،٤ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (٦)**

بۆیە دەبینین شاری پێنجوێن بە درێژایی ماوەی توێژینەوە ناوچەی کێشکردنی دانیشتوان بووە بە پێچەوانەی گوندەکانەوە کە ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوان بووە لەو ماوەیەدا.

لە کۆتایی ئە م باسەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە گەشەی سروشتی شاری پێنجوێن بە پشت بەستن بە تۆمارەکانی لە دایکبوون و مردنی سەر بە فەرمانگەکانی تەندروستی لە ماوەی نێوان (٢٠٠٢-٢٠٢٤) دا دەگاتە (١٣،٩) لە هەزاردا کە ئەمە سەرە ڕای ئەوەی لە ئاستێکی بەرزدانیە، بەڵام کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە. لە هەمان کاتدا کۆچیش کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە و بە تایبەت کۆچی گوندنشینان بۆ شاری پێنجوێن و لە ڕێگەی پوختی کۆچەوە گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە شاری پێنجوێن ناوچەی کێش کردنی دانیشتوانی قەزاکە بووە و گوندەکان ناوچەی دەرکەری دانیشتوان بوون. کە ئەمەش بە کاریگەری کۆمەڵێک هۆکار بووە کە لە باسی داهاتوودا بە ڕوونی باسی دەکەین.

## باسی سێیەم:
## هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوان:

گەشەی دانیشتوانی شارەکان لە هەر ناوچەیەک کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز کاریگەری هەیە لەسەری، هۆکارەکانیش کاریگەریان وەک یەک نیە و ناکرێت تەنها

پشت بە یەک هۆکار ببەسترێت بۆ دیاری کردنی گەشەی دانیشتوانی شارەکان، بۆیە وا پێویستە کاتێک باس لەگەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن دەکەین جگە لە زیادبوونی سروشتی و کۆچ گرنگی بدەین بەو هۆکارە سروشتی و مرۆییانەی کە رۆڵی گرنگیان هەبووە لە گەشەی دانیشتوانی شارەکە. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەین کاریگەری هەریەکە لە هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان بە پێی گرنگی و رۆڵیان لە گەشە کردنی دانیشتوانی شاری پێنجوێن ڕوون بکەینەوە.

**یەکەم: هۆکاری سروشتی:**

سەرەرای ئەو پێشکەوتنە گەورانەی کە مرۆڤ بەدەستی هێناوە لە بواری تەکنەلۆژیا و شارستانیەت، بەڵام هێشتا بە تەواوی نەیتوانیوە زاڵ بێت بەسەر هەموو دیاردە سروشتیەکان و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ ماوە، ئەو دیاردانەش ڕووبەڕووی تەواوی وڵاتانی جیهان بە پێشکەوتوو تازە گەشەسەندوو دەبێتەوە و هەندێک جار مرۆڤ دووچاری گرفتی گەورە دەکات و کۆمەڵێک دیاردەی وەک لافاو و باوبۆران و گڕکان و بومەلەرزە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرماکار دەکەنە سەر چالاکییەکانی مرۆڤ و نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێن.

هۆکارە سروشتییەکان بنەما و کۆڵەکەیەکی بنچینەیین بۆ گەشە و پێشکەوتنی شارەکان، بەشێوەیەک بەهۆی شوێن و جێگەوە شارەکان گەشە دەکەن و پێش دەکەون، لە هەمان کاتدا شوێن و جێگە خێرایی دەدات بە پێشکەوتنی ژیانی شارستانی. شوێنی جوگرافی گرنگترین هۆکاری سروشتیە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شار و دامەزراندن و پێشکەوتنیەتی، پەیوەندی نێوان شوێن و شار پەیوەندیەکی بەهێزەو کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە (حمد، ٢٠٢٢، ٥٤).

سەبارەت بە شاری پێنجوێن کۆمەڵە هۆکارێکی سروشتی رۆڵیان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە، لە گرگنترین ئەو هۆکارە سروشتیانەش وەک شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی جیۆلۆجی و خاک و بەرزونزمی و ئاووهەوا و دەرامەتی ئاو، کە هەموو ئەمانە پێکەوە کاریگەرییان هەبووە و ناتوانین لە یەکیان جیا بکەینەوە.

تایبەتمەندییەکانی شوێنی جوگرافی شارەکە لە ڕووی بونی مەزری نێو دەوڵەتی باشماخ و مەرزی نیمچەفەرمی سەیران بەن کە دەکەوێتە سنوری قەزای پێنجوێن و شاری پێنجوێنیش سەر بە قەزاکەیە و کاریگەری هەبووە لەسەر ڕاکێشانی دانیشتوان بۆ شارەکە و وای لە شارەکە کردووە لەشارێکی پەراوێزیەوە ببێتە شارێکی دەرگایی، هەروەها شوێنی شارەکە کۆمەڵێک خاسیەتی گرنگی بەخشیوەتە شارەکە و کاریگەرییان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوان، لە ڕووی جیۆلۆجیەوە پێکهاتەی جیۆلۆجی شارەکە بریتیە لە پێکهاتەی (گمۆ و پێکهاتەی نیشتوی لافاو کرد) کە هەردوو پێکهاتەکە گونجاوو شیاون بۆ ئاوەدانی و جۆرەکانی بەکار هێنانی زەوی لە شارەکەدا. هەروەها جۆرەکانی خاکی ناوچەی توێژینەوە لەو جۆرانەی خاکن کە تارادەیەکی باش گونجاون بۆ بەکارهێنانی شارستانی، چونکە لەسەر چینێکی ڕەق و بەردەڵان دەرکەوتوون. سەبارەت بە بەبەرزونزمی شارەکە، شاری پێنجوێن بنیات نراوە لەسەر بانێکی فراوان لە ناوچەیەکی شاخاوی، هەروەها بوونی دەشتی تەخت لە نزیک شارەکە بە تایبەت لە ئاراستەی باکور و ڕۆژئاوا لە داهاتوودا کاریگەری دەبێت بۆ لە خۆگرتنی ژمارەیەکی زۆرتری دانیشتوان، هەروەها لە ڕووی پلەی لێژیەوە پلەیەکی لێژی گونجاوی هەیە بۆ تەواوی چالاکیەکان و بەکارهێنانەکان گونجاوە، بە تایبەت ئەگەر پلانی گونجاو هەبێت. لە ڕووی ئاووهەواوە ئەگەر چی لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما زۆر دادەبەزێت، بەڵام نەبووەتە هۆی ئەوەی چالاکییەکانی دانیشتوان بە تەواوی ڕابگرێت، لە هەمان کاتدا هاوینێکی مام ناوەندی هەیە کە پلەی گەرما بەراورد بە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان کەمترەو دانیشتوانەکەی زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، هەروەها لە ڕووی دابارینەوە شاری پێنجوێن یەکێکە لەو شارانەی کە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر باش لە بەفر و بارانی لێ دەبارێت، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی دانیشتوان دووچاری گرفتی کەم ئاوی نەبن و ئەو ڕێژە زۆرەی دابارین بووەتە هۆی ئەوەی کە چەندین چەم و جۆگەی وەرزی لە شارەکە هەبێت و شارەکەش دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێر زەوی و پێداویستی دانیشتوان لە ڕێگەی ئاوی ژێرزەویەوە دابین دەکرێت.

**دووەم: هۆکاری مرۆیی:**

کە لەچەند هۆکارێک پێکهاتووە:

**١-هۆکاری مێژوویی**

هۆکاری مێژوویی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە نیشتەجێبوونی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی درێژ، بەجۆرێک وایان لێ دەکات ناوچەکە بە جێنەهێڵن تەنها لە ژێر گوشاری زۆر بەرزدا نەبێت، ئەمەش بە واتای ئەوەیە هەتا شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ کۆنتر بێت ژمارە و ژێری دانیشتوان زۆرتر دەبێت، چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان مێژووی نیشتەجێبوون و ژمارە وڕێژەی دانیشتوان (تۆفیق، ٢٠٠٩، ١٤٨). هۆکاری مێژوویی ڕۆڵی هەیە لە لە گەشەی دانیشتوانی پێنجوێن، ناوچەکە زیاتر لە (٤٠٠) ساڵە ئاوەدانی تێدایە بەپێی لێکۆڵینەوەکان کە بۆشوێنەوارەکانی پێنجوێن کراوەدەرکەوتووە پاشماوە دێرینەکانی قەڵاکانی (قزڵجە و کچێ) دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەم و یەکەمی پێش زاین (ڕەشید، ٢٠٢٣، ١٣) و وای لە بەشێک لە دانیشتوانەکەی کردووە بە جۆرێک وابەستەی ناوچەکەیان بن بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبن ناوچەکەیان بە جێبهێڵن، تەنها مەگەر بە کۆچ و دەرکردنی زۆرە ملێ بێت وەک ئەوەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویداوە.

**٢-هۆکاری دیمۆگرافی:**

سەبارەت بە فاکتەری دیمۆگرافی لە باسی دووەمی ئەم بەشەدا بە وردی باسی فاکتەرە دیمۆگرافییەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێنمان کرد، گەشتینە ئەو ئەنجامەی گەشەی سروشتی دانیشتوان پاڵپشت بە هەردوو ڕەگەزی (لەدایکبوون و مردن) هەروەها کۆچی دانیشتوان بە تایبەتی کۆچی گوندنشینەکان هۆکاری سەرەکی گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن بوون. ئەگەر ئاماژەیەک بۆ تێکرای لە دایکبوون بکەین لە شاری پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٤) دەبینین ڕێژەکەی دەگاتە (١٨) لە هەزاردا، لە هەمان کاتدا تێکرای ڕێژەی مردن لە هەمان ماوەدا تەنها (٤،١) بووە لە هەزاردا، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان تێکرای لە دایکبوون و تێکرای مردن، ئەوەش بە هۆکارێکی گرنگی گەشەی دانیشتوان دادەنرێت.

سەبارەت بە کۆچیش بە بەراورد کردنی گەشەی ساڵانەی شار و گەشەی ساڵانەی قەزا لە بابەتی پوختەی کۆچ لە ماوەی نێوان (١٩٥٧-٢٠٢٤) لە بەرژەوەندی شار بووە بە ڕێژەی (١،٤)، لە ئاکامدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی فاکتەرە دیمۆگرافییەکان بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە زۆربوونی سروشتی و کۆچ کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن.

**٣-هۆکاری کارگێری و خزمەتگوزاری:**

جیاوازی پلەی کارگێری کاریگەری هەیە لەسەر کۆبوونەوەی دانیشتوان، چونکە ئەو یەکە کارگێڕیانەی پلەکانیان پلە بەرزترە لێپرسراوان زیاتر بایەخ و گرنگیان پێدەدەن

بەراورد بەو یەکە کارگێڕیانەی پلەکانیان نزمترە (سعید، ٢٠٠٨، ١٥٩). فاکتەری کارگێڕی بە یەکێک لە فاکتەرە بنەڕەتیەکان دادەنرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر دابەشبوون و چڕبوونەوەی دانیشتوان، چونکە لە لایەک ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە دام و دەزگا کارگێڕیەکان کار دەکەن وە لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی چڕبوونەوەی مەڵبەندە خزمەتگوزارییەکان لە نێو سەنتەری سەرەکی یەکە کارگێڕییەکان، لە وڵاتی ئێمەشدا دابەشبوونی یەکە کارگێڕییەکان لە بچوکترین یەکەوە کە (ناحیە) بە دەست پێدەکات بەرەو (قەزا) و ئینجا (پارێزگا) ئەم ڕیزبەندییەش کار دەکاتە سەر ڕادەی کۆبوونەوەی دام و دەزگا حوکمییەکان و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر جیاوازی ژمارە و چڕی دانیشتوان (حمە، ٢٠١٢، ١٧٦). لە ڕووی کارگێڕییەوە وەک لە پێشتر ئاماژەی پێکراوە لە ساڵی (١٩٢٢) کراوە بە ناوەندی ناحیە، پاشان لە ساڵی (١٩٥٩) شارەکە کراوە بە مەڵبەندی قەزا، لەو کاتەشەوە تا ئێستا شاری پێنجوێن سەنتەری قەزای پێنجوێنەو ئەمەش یارمەتی دەر بووە بۆ کۆبوونەوەی دام و دەزگا جۆراوجۆرەکان لە شارەکەدا، ئەم هۆکارەش ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە گەشەی دانیشتوانی شارەکە، کۆبوونەوەی دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانیش لە شارەکە هۆکار بووە بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان بۆ سەنتەری شار تا لە نزیک ئەو خزمەتگوزاریانەوە نیشتەجێ بن و دەبینین شاری پێنجوێنیش گەورەترین سەنتەری شارنشینە لە قەزاکەدا و ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە ساڵی (٢٠٢٤) گەشتوەتە (٢٧٥٩٦) کەس و ژمارەیەکی زۆر لەو دانیشتوانەش وەک فەرمانبەر بە پلەی جۆراو جۆر لە دام و دەزگا کارگێڕییەکانی شارەکەدا خزمەت دەکەن. بێگوومان ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر زۆربوونی دانیشتوانی شارو گەشەی دانیشتوانەکەی.

## ٤-هۆکاری ئابوری:

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان فاکتەرە ئابورییەکان و گەشەی دانیشتوان، ئەمەش پشت بەستە بە جۆری چالاکیەکان و ئاستی ئابوری خەڵکەکەو ئاراستە پیشەیان (ئەنوەر، ٢٠٢٢، ٨٩). شارەکان ناوەندێکی گرنگن بۆ چالاکی جۆراو جۆری ئابوری و خزمەتگوزاری، پسپۆڕان و شارەزایان بەو ناوەندە ئاوەدانیەی دانیشتوان دادەنێن کە چەندین چالاکی ئابوری جۆراوجۆری تێدا ئەنجام دەدرێت وەک بازرگانی، پیشەسازی، کاگێڕی، خزمەتگوزاری. لێرەدا گرنگترین ئەو هۆکارە ئابووریانە باس دەکەین کە لە ناوچەی توێژینەوە هەیە و کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە.

### أ-هۆکاری گواستنەوە:

پێشکەوتن و گەشەی گواستنەوە هۆکارێکی دروستبوونی شارە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی کەرەستەی خاوو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کەرەستەی خۆراک و کە ئەمەش گەشەو زۆربوونی دانیشتوان بەدوایدا دێت (جودة، ٢٠٠٤، ٣٩٧). چالاکی گواستنەوە گرنگیەکی گەورەی هەیە و بڕبڕەی پشتی چالاکیە ئابوریەکان و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریە و لە ژێرخانی ئابوری هەر ناوچەیەکا پلەی یەکەمی هەیە (محمد و کریم، ٢٠١٦، ١١). شاری پێنجوێن لە ڕێگەی چەند هێڵێکی گواستنەوەوە بەستراوەتەوە بە ناوچەکانی دەوروبەری، لە گرنگترین ڕێگاکانیش ڕێگای سەرەکی پێنجوێن-سلێمانیە کە هەمان ڕێگە پێنجوێنیش دەبەستێتەوە بە شاری سیدسادق و لەوێشەوە بۆ هەڵەبجە، هەروەها ڕێگای پێنجوێن-باشماخ کە شارەکە دەبەستێتەوە بە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە کە ڕێگەکەیکی گرنگە بۆ هات و چۆی هاوڵاتیان و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەو ڕیگەیەوە سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن، هەروەها ڕیگەی شاری پێنجوێن- گەرمک یەکێکی ترە لە ڕێگا گرنگەکانی شارەکە چونکە لەو ڕێگایەوە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان سەردانی مەرزی لاوەکی سەیران بەن دەکەن کە جگە لەوەی ڕیگایەکی بازرگانی گرنگە هاوڵاتیان بۆ سەردانکردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەکاری دەهێنن. هەموو ئەو ڕیگایانەی باسکران ڕیگای قیرتاوکراون دانیشتوانی شاری پێنجوێن لەچەند ڕوویەکەوە ڕۆژانە سودی لێ وەردەگرن وەک لایەنی کۆمەڵایەتی، بازرگانی و گەشتوگوزار، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو تۆڕانەی ڕێگاوبان کە باسکران ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە گەشەی دانیشتوانی شارەکە، چونکە وەک ئاماژەی پێکرا لە چەند ڕوویەکەوە سودی گەورە و گرنگ لەم ڕێگایانە وەرگیراوە.

**خشتەی (١٠)**


**ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە قەزاو شاری پێنجوێن**

| ژ | ڕێگاکان | درێژی/کم |
|---|---|---|
| ١ | پێنجوێن-سلێمانی | ٨٣ |
| ٢ | پێنجوێن-سەیدسادق | ٤١ |
| ٣ | پێنجوێن-گەرمک | ١١ |
| ٤ | پێنجوێن-باشماخ | ٥،٩ |
| کۆ | | ١٤٠،٩ |

**سەرچاوە:.www.openstreetmap**

**نەخشەی (٣)**

**ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە قەزاو شاری پێنجوێن**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:**

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی و ئاوەدانی سلێمانی، نەخشەی بنەڕەتی قەزای پێنجوێن، سلێمانی ٢٠٢٤.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی پارێزگای سلێمانی، زانیاری دەربارەی ڕیگاوبانی قەزای پێنجوێن، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.

٣-.www.openstreetmap.org

### ب-چالاکی بازرگانی:

چالاکی بازرگانی لەو چالاکیە گرنگانەیە کە زۆربەی شارەکانی پێ جیادەکرێتەوە، پەیوەندی هەیە بە بنەماو هۆکاری کاریگەری وەک بەرزی ونزمی شوێنی جوگرافیا، بەجۆرێک هاندەرێکی بەهێزن بۆ گەشەکردنی سەنتەرە شارنشینەکان (حسین، ٢٠٠٩،

١٢٢). شاری پێنجوێن تەنها (٥،٩)کم لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە دوورە کە بوونی ئەو مەرزە لە نزیک شارەکەهۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی شارەکە لە شارێکی پەراوێزیەوە بگۆڕێت بۆ شارێکی دەرگایی، واتە ناوەندێکی بازرگانی گرنگە بۆ شارەکە، ئەمە جگە لەوەی لە سنوری قەزای پێنجوێن مەرزی سەیرانبەن هەیە کە مەرزێکی نیمچە فەرمیە و تەنها (٤٥) کم لە شارەکەوە دووره، بوونی ئەو مەرزانە گرنگیەکی تایایبەتی بەشاری پێنجوێن بەخشیوە و ڕۆژانە ژمارەیەک لە دانیشتوانی شاری پێنجوێن لەو مەرزانە چالاکی بازرگانی ئەنجام دەدەن و سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتیانە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ گەشەی دانیتوان لە شاری پێنجوێن.

### ج-چالاکی پیشەسازی

پیشەسازی بە مانا گشتیەکەی واتە گۆڕانێک لە کەرەستەی خاو گونجانی بەشێوەیەک لەگەڵ پێداویستی و داواکاری و ئارەزووی مرۆڤدا بێت، ئەمەش شێوەیەکی سەرەتاییە لە شێوەکانی بەکارهێنانی دەرامەتی سروشتی لە لایەن مرۆڤەوە و بە مەبەستی سوود لێوەرگرتن و دابینکردنی پێداویستیەکان (العقاد، و الحمادی، بدون سنة، ٣٠٥). بوونی پیشەسازی لە هەر ناوچەیەک هۆی ڕاکێشانی دانیشتوان و گەشەکردنی، ئەگەر چی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و شاری پێنجوێن بە تایبەتی لە ئاستێکی لاوازدایە، بەڵام لە شارەکە ژمارەیەک پیشەسازی بچوک و مامناوەند هەیە ،ژمارەیەک لە دانیشتوانی شارەکە لەرێگەیەوە داهاتیان دابین دەکەن و هۆکارێکی گرنگە بۆ مانەوەیان لە شاری پێنجوێن و ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە. لەگرنگترین ئەو پیشەسازییوکانی شارەکە وەک چەند کارگیەکی چیمەنتۆ و کارگەی بەرهەمهێنانی بلۆک و کارگەی بەرهەم هێنانی سندوق.

### د-کەرتی گەشتیاری:

وەک دەزانین شاری پێنجوێن سەنتەری قەزای پێنجوێنە، هەڵکەوتەی قەزاکەش بایەخێکی گرنگی گەشت و گوزاری هەیە، چونکە هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و پارێزگای هەڵەبجە و قەزای سەیدسادق، ئەمەش وایکردووە داواکاری گەشت و گوزاری لەسەر ناوچەکە زۆربێت، شاری پێنجوێن دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان و سروشتێکی دڵرفێنی هەیە و دەتوانرێت لە وەرزی هاوین و زستان سوودی لێوەربگیرێت، ئاووهەوای شارەکەش گونجاوە بۆ چالاکی گەشتوگوزاری، ئەمە سەرەڕای بوونی دەرامەتی ئاو لە ناوچەکەدا هەموو ئەمانە وایکردووە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لە گەشتیار ڕوو لە ناوچەکە دەکەن و هۆکارێکی گرنگە بۆ بووژانەوەی بازاڕی شارەکەو لە ڕوی ئابوورییەوە بەشێک لە دانیشتوان بەردەوام لێی سودمەند دەبن.

لە کۆتاییدا گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە گەشەی دانیشتوانی شارەکە گۆڕانکای زۆری بەخۆیەوە بینیوەو لە ماوەی توێژنەوەکەدا گەشەی دانیشتوانی شارەکە زیاترە لەگەشەی دانیشتوانی قەزاکە و کەمترە لەگەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوریەیە کە هەرێمی کوردستان و شاری پێنجوێنی پێدا تێپەڕیوە.

دوای شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان، گەشەی سروشتی (لەدایکبوون و مردن) و بزاوتی شوێنی (کۆچ کردن) گەشتینە ئەو ئەنجامەی ڕێژەی لە دایکبوون بەراورد بەرێژەی مردن جیاوازیەکی زۆری هەیە بۆیە زیادبوونی سروشتی ڕۆڵی دیاری هەبووە لەگەشەی دانیشتوان، لەگەڵ ئەمە سەرەڕای نەبوونی داتاکانی کۆچ، بەڵام بە پێی پوختەی کۆچ شاری پێنجوێن ناوچەی ڕاکێشەری دانیشتوانە و کۆچ ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە.

هاوشانی ڕەگەزە سەرەکییەکانی گەشەی گەشەی دانیشتوان کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی و مرۆیی (هۆکارە سروشتیەکان خۆی لە تایبەتمەندیە سروشتییەکانی جێگاو شوێنی شاری پێنجوێن دەبینێتەوە، لەبەرامبەردا کۆمەڵێک هۆکاری بەیەکەوە گرێدراون وەکو کارگێری و خزمەتگوزاری و مێژووی و دیمۆگرافی و ئابوری و گەشتیاری) کە کاریگەریان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوان و زۆربوونی قەبارەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن .

## دەرئەنجام

دوای شیکردنەوەی بابەتەکانی توێژینەوە، بە پێی باسەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو کێشانەی کە گرفتی توێژینەوەکەیان پێکهێناوەن وەڵام دانەوەیەک بۆ گریمانەی توێژینەوە توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانە.

1. شاری پێنجوێن لە تێکڕای ماوەی توێژینەوەکەدا لە ماوەی (١٩٥٧_٢٠٢٤) گەشەی دانیشتوانی ساڵانەی گەشتووەتە (٢،٧%)و لەو ماوەیەشداگۆڕانکاری دیمۆگرافی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن لە ماوەی (٢٠٠٢-٢٠٢٤) بووە بەرێژەی(٣،٢%)و نزمترینیش لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٠٢)بووە بە ڕێژەی (٢،٤%). چەندین هۆکاری سروشتی ومرۆیی کاریگەرییان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین گۆڕانکاری زۆر لە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارەکە ڕوویداوە، بەڵام تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پێنجوێن لە ماوەی نێوان (١٩٥٧-٢٠٢٤)گەشتوەتە (٢،٧%) کە زیاترە لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن کە ڕێژەکەی (١،٣%) بووە و کەمترە لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی کە ڕێژەکەی (٣،١%) بووە. ئەمانەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوانەوە (زیادبوونی سروشتی و کۆچ) کە لە باسی داهاتوو باس لەو ڕەگەزانە دەکەین.

2. گەشەی سروشتی لە شاری پێنجوێن، بە پشت بەستن بە داتاکانی لەدایکبوون و مردن لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٣-٢٠٢٤) بەرزو نزمی بەخۆوە بینیوە و تێکڕای گەشەی سروشتی لەو ماوەیەدا (١٣) لە هەزاردا بووە.
3. کۆچ وەک ڕەگەزێکی گەشەی دانیشتوان ڕۆڵی گرنگی لە گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن هەبووە، تێکڕای پوختەی کۆچ لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٤) ڕێژەی (١،٤) ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە شارەکە لەماوەی توێژینەوەکەدا ڕاکێشەری دانیشتوان بووە، لەبەر خراپی بارودۆخی گوندەکان بەهۆکاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری.
4. جگە لە ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان ژمارەیەک هۆکاری سروشتی وەک شوێن،ی جوگرافی و هۆکاری مرۆیی وەک هۆکاری مێژووی و دیمۆگرافی و کارگێری و خزمەتگوزاری و ڕامیاری و ئابوری کاریگەرییان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن.

## ڕاسپاردە:

1. بایەخدان بە داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە دانیشتوان، لەبەر ئەوەی هەموو پلانێکی زانستی دروستە بۆ ئێستا و داهاتوو، بۆیە فەرمانگەی ئاماری پێنجوێن

پێویستە هەماهەنگی بکات لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و هەموو گۆڕانکاریەکانی دانیشتوان تۆمار بکرێت. بە تایبەت لە فەرمانگەی لە دایک بوون و مردنی شارەکە، چونکە ساڵانی پێشوو کەمترین داتای تۆمارکراویان هەیە.

2. سنورداركردنی کۆچی گوندنیشینان و شارۆچکەکانی تری دەوروبەری شاری پێنجوێن ئەویش لە ڕێگەی پەرپێدانی گوندەکان و ناوچەکانی ترەوە، بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان. هانی دانیشتوانی گوندەکان بدرێت بە ئەنجامدانی ئەو چالاکیە کشتوکاڵی وئاژەڵدارییانەی کە لەگەڵ توانستە سروشتی و مرۆییەکانی گوندەکان دەگونجێت، دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بەروبوومی ئاژەڵی و زامنکردنی ساغ کردنەوەی بەرهەکانیان لە بازاڕ.

## لیستی سەرچاوەکان


### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

#### کتێب:

جمال پێنجوێنی، ئەمیر سۆفی، ٢٠١٦، پێنجوێن شارێک لە زێڕ، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

سعید، کامەران تاهیر، ٢٠٠٨، کۆیە لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

غەفور، عەبدوڵلا، ٢٠٠٥، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی چوارەم.

غەفور، عەبدوڵا، ٢٠١٢، جوگرافیای کوردستان، چاپی شەشەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

محمد، شاد حمید و کریم، ئەحمەد ڕەفیق،٢٠١٦، جوگرافیای گواستنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

محمدعلی،جاسم محمد، ٢٠٠٨، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

وهیبة، عبدالفتاح محمد، ٢٠١١، جوگرافیای دانیشتوان، و. گەرمیان محمد احمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

#### گۆڤاری ئەکادیمی:

تالیب، جەزا تۆفیق، ١٩٩٩، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی

ڕەزا، عەبدولڕەحمان عەلی، ٢٠٠٦، پێنجوێن لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ، گۆڤاری هەوێن، ژمارە ١، ساڵی یەکەم.

محمد، خلیل اسماعیل،٢٠٠٥، کاریگەری گەشەی شارستانی لە سەر تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی شاری زاخۆ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٣) ساڵی سیازدەیەم، سلێمانی.

#### نامەو تێزەکان:

ئەنوەر، ئاودێر لوقمان، ٢٠٢٢، قەزای دەربەندیخان (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، کۆلیجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

تۆفیق، پێشڕوە سەمەد، ٢٠٠٩، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە.

حمد، گلێنە جواد، ٢٠٢٢، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دیاردەی زیادەڕۆیی نیشتەجێبوون لەشاری کۆیە، نامەی ماستەر، فاکتەڵی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

حەمە، سروە جەلال، ٢٠١٩، گۆڕانکاری لە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢١)دا، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان، تێزی دکتۆا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

حمە، سروە جلال، ٢٠١٢، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕدا (١٩٥٧-٢٠٠٩)، نامەی ماستەر، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

رسول، ژیار خدر، ٢٠٢٤، کاریگەری گەشەی دانیشتوان لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەولێر بە گەڕکە نمونەییەکان (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، تێزی دکتۆرا، فاکتەڵی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

ڕەشید، هاوژین ئەحمەد، ٢٠٢٣، توانستەکانی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان و کاریگەری لەسەر دابەشوونی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

کریم، دیلمان کامل، ٢٠٢٢، دابەشبوونی جوگرافی و کاریگەرییە ژینگەییەکانی کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

صالح، چراخان نصرالدین، ٢٠١٥، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان)، نامەی ماستەر، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

محمود، شاسوار محمد، ٢٠١٣، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان، کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین.

عبدالجبار، ئێریڤان أکرم، ٢٠٢٣، جیاوازی شوێنی گەشەو دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای سۆران، نامەی ماستەر، فاکتەڵی ئاداب، زانکۆی سۆران.

میرزاعبداللە، هەورامان کمال، ٢٠٢٣، گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری دوکان و سەیدسادق، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکا، زانکۆی سلێمانی.

#### نوسراوە حوکمییەکان:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی پێشبینیکراو دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان و قەزاو ناحیەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، شارەوانی پێنجوێن، بەشی نەخشەدانان، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٤.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، داتای بڵاونەکراوە، ساڵی ٢٠٢٤.

وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، فەرمانگەی تەندروستی پێنجوێن، نەخۆشخانەی گشتی پێنجوێن، هۆبەی لە دایکبوون و مردن، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، دادگای باری کەسێتی پێنجوێن.

### سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:

#### الکتاب:

أبو عيانة، فتحي محمد، 1987، مشكلات السكان في الوطن العربي، دار المعرفة، الجامعة الأسكندرية، القاهرة.

جودة، حسنين جودة، 2004، أسس الجغرافية العامة، منشأة المعاريف، الأسكندرية.

العقاد، انور عبدالغني و الحمادي، محمد عبدالحميد، بدون سنة طبع، الجغرلفية الأقتصادية والمواردالطاقة والموارد المعدنية، جزء الثاني، دارالمريخ، الرياض.

خفاف، عبد علی و الريحانی، عبدالمخمور، ١٩٨٦، جغرافيه السكان، مطبعة جامعة بصرة، بصرة.

عزيز، مكی محمد و السعدي، رياض ابراهيم، 1984، جغرافية السكان، جامعة بغداد، بغداد.

القرأن كريم، سورة النساء، الآية 3.

القرأن كريم، سورة الاسراء، الايه ٣١.

**المجلات:**

محمد، خليل ئيسماعيل، ٢٠٠٢، قضاء خانقين دراسة فى جغرافية السكان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ط٢، السليمانية.

**الرسائل والا طاريح:**

الداودى، ماهيه محسن حسن، ٢٠٠٣، قضاء طوز دراسة في جغرافية السكان، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة تكريت.

حسين، بيان على، ٢٠٠١، سكان مدينه سليمانيه، رساله ماجستير، كليه اداب، جامعه بغداد.

كساب، ياسر محمد سرحان، ٢٠٠٢، الهجرة الداخلية الى مدينتى رام اللة والبيرة، رسالة ماجستير، كلية دراسات عليا، جامع النجاح الوطنية، فلسطين.

مصطفى السامرائي، رنا عبدالصمد، 2022، التباين المكاني السكان في المحافظة صلاح الدين للمدة (1987-2020)، رسالة ماجستير، جامعة سامراء، كلية تربية، ص30.


**پاشکۆ (١)**

**ژمارەی دانیشتوانی شاری پێنجوێن و شارنشینی و گوندشینی قەزاو قەزای پێنجوێن و پارێزگای سلێمانی (١٩٥٧-٢٠٢٤)**

| سال | شاری پێنجوێن | شارنشینی قەزا | گوندنشینی قەزا | قەزای پێنجوێن | پارێزگای سلێمانی | شارنشینی پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٤٤٠٦ | ٤٤٠٦ | ١٧٢١١ | ٢١٦١٧ | ٣٠٤٨٩٥ | ٩١٥٩٥ |
| ١٩٧٧ | ٧٤٩٤ | ٧٨٦٢ | ٢٦١٦٠ | ٣٤٠٢٢ | ٦٤٣٢٠٥ | ٢٩٨٣٤٦ |
| ٢٠٠٢ | ١٣٦١٣ | ١٤٨٢٣ | ٢٨٢٤٨ | ٤٣٠٧١ | ١٢٤٩٨٢٤ | ١٠١٠١٥٦ |
| ٢٠٢٤ | ٢٧٥٩٦ | ٢٩٠٥٩ | ٢٤٤٥٨ | ٥٣٥١٧ | ٢٣٧٣٧٩٦ | ٢٠١١٣٠٤ |

سەرچاوە کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

1-وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام 1957، ج2، مطبعة دارالتضامن.

2-وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعدادات العام السكان لسنة 1977، مطبعة الجهاز المركزي، بغداد، 1978، ص35-37.

3-مديرية الأحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والأرتكازية لأقليم كردستان العراق لسنة 2002، (غيرمنشورة).

4-هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشی توێژینەوەی دانیشتوان، پێشبینی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی (بەئیدارەی گەرمیانەوە) و قەزای پێنجوێن بۆ ساڵی (٢٠٢٤)، لە ڕێگەی (اسقاطات)ەوە، بە پێ (پارێزگای هەڵەبجە)، چاپکراو بە کۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە.

**پاشکۆی (٢)**

**ژمارە و ڕێژەی لە دایکبوون و مردن لە شاری پێنجوێن لە ماوەی نێوان(٢٠٠٣-٢٠٢٤) لە هەزاردا**

| ساڵ | ژمارەدانیشتوانی شاری پێنجوێن | ژمارەدانیشتوان لە نیوەی ساڵدا | ژمارەی لە دایکبوون | ڕێژەی لە دایکبوون | ژمارەی مردن | ڕێژەی مردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٢ | ١٣٦١٣ | | | | | |
| ٢٠٠٣ | ١٤٢٤٨ | ١٣٩٨٠ | ٣٤٦ | ٢٤،٧ | ٥١ | ٣،٦ |
| ٢٠٠٤ | ١٥١٢٣ | ١٤٧٣٥ | ٣٧٢ | ٢٥،٢ | ٩١ | ٦،١ |
| ٢٠٠٥ | ١٥٩٤٠ | ١٥٥٣١ | ٣٥٦ | ٢٢،٩ | ٤٩ | ٣،١ |
| ٢٠٠٦ | ١٦٨٠١ | ١٦٣٧٠ | ٣٣٢ | ٢٠،٢ | ٦٢ | ٣،٧ |
| ٢٠٠٧ | ١٧٧٠٨ | ١٧٢٥٤ | ٣٨٦ | ٢٢،٣ | ٤٦ | ٢،٦ |
| ٢٠٠٨ | ١٨٦٦٤ | ١٨١٨٦ | ٣٠٥ | ١٦،٧ | ٦١ | ٣،٣ |
| ٢٠٠٩ | ١٩٧٣٨ | ١٩٢٠١ | ٤٧١ | ٢٤،٥ | ٩٦ | ٤،٩ |
| ٢٠١٠ | ٢٠٢٧٥ | ٢٠٠٠٦ | ٤٩٣ | ٢٤،٦ | ١١٥ | ٥،٧ |
| ٢٠١١ | ٢٠٧٠٦ | ٢٠٤٩٠ | ٣٨٥ | ١٨،٧ | ١٣٩ | ٦،٧ |
| ٢٠١٢ | ٢١١٠٤ | ٢٠٩٠٥ | ٢٩٠ | ١٣،٨ | ١٧٩ | ٨،٥ |
| ٢٠١٣ | ٢١٤٦٧ | ٢١٢٨٥ | ٣٠٥ | ١٤،٣ | ٩١ | ٤،٢ |
| ٢٠١٤ | ٢١٧٨٩ | ٢١٦٢٨ | ٤١٠ | ١٨،٩ | ١٦٤ | ٧،٥ |
| ٢٠١٥ | ٢٢٠٣٥ | ٢١٩١٢ | ٤٤٠ | ٢٠ | ٧١ | ٣،٢ |
| ٢٠١٦ | ٢٢٦٣٤ | ٢٢٣٣٤ | ٢٨٧ | ١٢،٨ | ٦٤ | ٢،٨ |
| ٢٠١٧ | ٢٣٢٤١ | ٢٢٩٣٧ | ٤٠٨ | ١٧،٧ | ٧١ | ٣،٥ |
| ٢٠١٨ | ٢٣٨٥٨ | ٢٣٥٤٩ | ٤٦٩ | ١٩،٩ | ٦٧ | ٢،٨ |
| ٢٠١٩ | ٢٤٨٤٥ | ٢٤٣٥١ | ٤٢٠ | ١٧،٢ | ٨٢ | ٣،٣ |
| ٢٠٢٠ | ٢٥١٢٥ | ٢٤٩٨٥ | ٣٨٧ | ١٥،٤ | ٧١ | ٢،٨ |
| ٢٠٢١ | ٢٥٧٧٦ | ٢٥٤٥٠ | ٤٠٩ | ١٦ | ٨٦ | ٣،٣ |
| ٢٠٢٢ | ٢٦٣١٧ | ٢٦٠٤٦ | ٣١١ | ١١،٩ | ٩١ | ٣،٤ |
| ٢٠٢٣ | ٢٦٩٢٣ | ٢٦٦٢٠ | ٢٩١ | ١٠،٩ | ٦٤ | ٢،٤ |
| ٢٠٢٤ | ٢٧٥٩٦ | ٢٧٢٥٩ | ٢٣١ | ٨،٤ | ٨٤ | ٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١-بە دابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات سكانية) دەرهێنراوە بە:

ڕێژەی گەشە×ژمارەی دانیشتوانی هەر ساڵێک÷١٠٠ سەرچاوە: خفاف، عبد علی و الريحاني، عبد المخمور، ١٩٨٦، ل١٥٢.

٢- مديرية الأحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والأرتكازية لأقليم كردستان العراق لسنة 2002، (غيرمنشورة).

٣- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، ئەنجامەسەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی سەرژمێری دانیشتوان و نشینگەکان، ٢٠٠٩.

٤-ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا دەرهێنراوە بەکۆکردنەوەی دانیشتوانی هەرساڵێک لەگەڵ ساڵی: پێش خۆی پاشان دابەشکردنینا بەسەر دوودا.

٥- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ساڵی ٢٠٢٤.

٦-حكومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، نەخۆشخانەی شەهیدانی پێنجوێن، هۆبەی لە دایکبوون و مردن، داتای بڵاونەکراوە.

٧-ڕێژەی لەدایکبوون=ژمارەی لەدایکبوون لە ساڵێکی دیاریکراودا÷ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا×١٠٠٠.

٨-ڕێژەی مردن بە هەمان هاوکێشەی ڕێژەی لەدایکبوون.

**پاشکۆی (٣)**

**هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە شاری پێنجوێن لە ماوەی نێوان (٢٠١٥-٢٠٢٤)**

| ساڵ | ژمارەی هاوسەرگیری | ژمارەی جیابوونەوە | ژمارەدلنیشتوان لە نیوەی ساڵدا | ڕێژەی هاوسەرگیری | ڕێژەی جیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٥ | ٣٦٧ | ٦٠ | ٢١٩١٢ | ١٦،٧ | ٢،٧ |
| ٢٠١٦ | ٣٤٩ | ٦٢ | ٢٢٣٣٤ | ١٥،٦ | ٢،٧ |
| ٢٠١٧ | ٣٨٤ | ٥٩ | ٢٢٩٣٧ | ١٦،٧ | ٢،٥ |
| ٢٠١٨ | ٤٠١ | ٦٥ | ٢٣٥٤٩ | ١٦،٩ | ٢،٧ |
| ٢٠١٩ | ٤٤٥ | ٧٦ | ٢٤٣٥١ | ١٨،٢ | ٣،١ |
| ٢٠٢٠ | ٣٧٠ | ٥٣ | ٢٤٩٨٥ | ١٤،٨ | ٢،١ |
| ٢٠٢١ | ٤٨٢ | ٧٤ | ٢٥٤٥٠ | ١٨،٩ | ٢،٩ |
| ٢٠٢٢ | ٤٦٨ | ٦٦ | ٢٦٠٤٦ | ١٧،٩ | ٢،٥ |
| ٢٠٢٣ | ٤٤٣ | ٧٢ | ٢٦٦٢٠ | ١٦،٦ | ٢،٧ |
| ٢٠٢٤ | ٤٥٤ | ٨٤ | ٢٧٢٥٩ | ١٦،٦ | ٣ |


| ساڵ | ژمارەی هاوسەرگیری | ژمارەی جیابوونەوە | ژمارەدلنیشتوان لە نیوەی ساڵدا | ڕێژەی هاوسەرگیری | ڕێژەی جیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٥ | ٣٦٧ | ٦٠ | ٢١٩١٢ | ١٦،٧ | ٢،٧ |
| ٢٠١٦ | ٣٤٩ | ٦٢ | ٢٢٣٣٤ | ١٥،٦ | ٢،٧ |
| ٢٠١٧ | ٣٨٤ | ٥٩ | ٢٢٩٣٧ | ١٦،٧ | ٢،٥ |
| ٢٠١٨ | ٤٠١ | ٦٥ | ٢٣٥٤٩ | ١٦،٩ | ٢،٧ |
| ٢٠١٩ | ٤٤٥ | ٧٦ | ٢٤٣٥١ | ١٨،٢ | ٣،١ |
| ٢٠٢٠ | ٣٧٠ | ٥٣ | ٢٤٩٨٥ | ١٤،٨ | ٢،١ |
| ٢٠٢١ | ٤٨٢ | ٧٤ | ٢٥٤٥٠ | ١٨،٩ | ٢،٩ |
| ٢٠٢٢ | ٤٦٨ | ٦٦ | ٢٦٠٤٦ | ١٧،٩ | ٢،٥ |
| ٢٠٢٣ | ٤٤٣ | ٧٢ | ٢٦٦٢٠ | ١٦،٦ | ٢،٧ |
| ٢٠٢٤ | ٤٥٤ | ٨٤ | ٢٧٢٥٩ | ١٦،٦ | ٣ |


سەرچاوە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، دادگای باری کەسێتی پێنجوێن.

٢ پاشکۆی (٢).